
www.kurdistannet.org
2-11-2005 18:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردستان و ئیستراتیژی ئەمریکا لەکەنار سەردانەکەی مەسعود بەرزانی بۆ ئەمریکا ... خەسرەو سایە

k. saya@ukonline. co. uk



سەردانی ئەم دوایانەی مەسعود بارزانی بۆئەمریکاو چاوپیکەوتنی لەگەل بۆش و کاربەدەستانی بالای حکومەتەکەیەدا، بەشیوەیەکی رەسمی وەك سەرۆکی "ناوچەی فیدرال"، جیگایەکی تایبەت دەبەخشی بەکوردستان لەنیوئیستراتیژی ئەمریکا لەبەرامبەر بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و ناوچەکەدا. بەتایبەتی ئەم سەردانە بەدوای تیپەرکردنی سیناریۆی "دەنگدان بەدەستور" و هاتنەپیشەوەی دەورەیەکیتر لە کیشمەکیشی نیوان هیزەکانی نیوخۆی عیراق و رەوتی رووبەروبوونەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی و ئەوگرفت و ریزبەستنانەی کەلەقوناغی دوای دەستوور لەسەر شانوی سیاسی عیراق بەری کەوتووە. ئەمەجگەلەوەی کەئەم سەردانەی بارزانی بەدوای سەردانی عەمرو موسای ئەمینداریتی جامیعەی عەرەبی وهەولەکانی بۆ هەستانەوەی دەوری زەربە خواردووی ناسیونالیزمی عەرەبی وروولی دەولەتانی عەرەبی، هاتوتە پیشەوە، کە عمرو موسی گەرەکیەتی بەناوی "ریکەوتنی نیشتمانی"یەوە، بالانسی سیاسی رەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و دەسەلاتەکانی لەجیهانی عەرەبیدا، بەرامبەر بەئەمریکا و دەخالەتەکانی لەعیراق و ناوچەکەدا هەستینیتەوە.

لیرەدا ئەگەر لەدەوری مونافەسەی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لەکایەی پیداهەلدان بە بەرزانی وسەفەرەکەی لەچاو سەفەریکدا کە بەرلەماوەیەك تالەبانی وەك سەرۆك کۆماری عیراق بۆ ئەمریکا کردی، بگوزرەرین، ئەوا ئەم سەردانە پەردەیەکیتر لەئیستراتیژی شاراوەی ئەمریکا بەرامبەر بەکوردستان لەناوچەکەدا هەلدەداتەوە کەبارزانی و حیزبەکەی بەپەرۆشەوە بەرەو پیری چوون. کەوایە ناوەرۆکی ئەم ئیستراتیژییەی ئەمریکا وبناغەکانی چییە؟ وەتاچەند مەلزوماتەکانی لەبەردەم کارشناسان و ئیستراتیژیستەکانی ئەمریکادا ئامادەیە؟

پیشتر سەردانی کۆندە لیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەمانگی ئایاری رابردوودا ودوای دیدار لەگەل مەسعود بارزانی و سەرانی بالای گویلەمستی حکومەتی ئینتقالی ئەوکاتی عیراقی، لەپەیوەند بە هەلومەرجە ناجیگیرو پشیوییەکانی عیراقەوە، پیشینە سەرەتاییەکانی ئیستراتیژی ئەمریکای بۆداباشکردنی عیراق بەسەر سإ ناوچەو لەویشدا کردنی کوردستان بەدەولەتیکی تەواو پرۆئەمریکایی، مەترحکرد وخستیە بەردەم راویژ و پیشنیارکردنەوە. ئەوکات ئەمریکا بەتەواوی لەبەردەم مەترسی لەدەست دەرچوونی تەواوی کونترۆلی بارودۆخەکانی عیراقدا خوی دەبینیەوە و ئامارژەکان یەك لەدوای یەك شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکای دینایە پیشەوە. بەلام ئیستا کەنزیکەی 6 مانگ بەسەر ئەم سەردانەو ئەم پرۆژەیەدا تیپەردەبی، دەورانیکی ئازمایشی بۆ پیداچوونەوە و تەعدیلکردن وپاشان خستنەریی هەنگاوەکانی دواتری ئەم ئیستراتیژە لەشیوەی گونجاوی خۆیدا بەرجەستەترکردۆتەوە.

ئەگەرچی ئەمریکا بەکردەوە لەئیستادا ئیستراتیژی دابەشکردنی عیراق و بردنی کوردستانی بەوە دەولەتیکی سەربەخۆ ودلخوازی خۆی بردواتە دوواوە، بەلام ئەوە خودی

باروۆدخەكانی دوای دەستوور و ئەوگرفت وفاكتۆرە ناوچەیی و ناوخۆییيانەیە كەكوردستان وەك ناوچەیەكی گرنگ و ئیستراتیژی لەسیاسەتی ئەمریكادا دەهیلیتەوە وبگرە جیگایەكی سەرەكی وپایەدار لەبردنەپیشەوەی هەرسیاسەت و پرۆژەیەكی ئەمریكادا دەگری. چونكە هیشتا هەموو ئەو فاكتۆر و بارودۆخە ئالۆزانە لەگۆرماون كەدەتوانی ئەمریكا لەگەل شكستیكی گەورەدا بەرەو رووبكاتەوە. ئەمە ویرای ئەوەی كەتادیت بارگرژییەكانی نیوان حكومەتی سوریاو ئیران لەبەردەم ئەمریكا توندتردەبنەوە. لەمابەروە ئیستراتیژی كۆلۆنیازكردنی كوردستان وكردنی بەپیگەیەكی عەسكەری وسیاسی ژیر نفوزی ئەمریكا كەبتوانی هەم دەخالەتی خۆی لەنیو عیراقدا بهیلیتەوە وهەم بۆ روو بەرووبوونەوە لەگەل ئیسلامی سیاسی وئەو پیشهاتانەی كەبەرووداوەكانی ناوچەكەوە پەیوەستن مسۆگەربكات، روانگەیەكی ئاوا لانی كەم لەئیستادا دەتوانی گۆشەو هەنگاوەكانی پیداچوونەوە و تەعدیلكردنی ئەوئیستراتیژە بیت كە كارشوناسان و لیكۆلەرەوانی ئەمریكایی وەك پرۆژەیەك خستویانەتە سەر میزی هاوبەشی بۆش و بارزانییەوە. بەواتایەكیتر گویزانەوەی كوردستان بۆناوچەیەك كەبتوانی بەبی ئەوەی دەولەت بیت رۆلی هاوشیوەی ئیسرائیل لەعیراق و ناوچەكەدا بگیری وببیتە پیگەی دەخالەتی عەسكەری و سیاسی ئەمریكا و هیشتنەوەی هیزەكانی بۆدریژماوە لەبەرامبەر هەر ئالۆگۆرو وەرچەرخانیكدا بۆتە پیویستی ئیستراتژی ئیستای ئەمریكا وبۆئەمەش تەواوی پیداویستییەكان و فاكتۆرەكان بەنرخیكی هەرزان و كەم دەردەسەر ئامادەن. تەنانەت بەبی ئەوەی ئەمریكا ناچاربیت بەدەرچوون لەچوارچیوەی یەكپارچەیی خاكی عیراق و گۆرینی نەخشەی سیاسی ناوچەكە و گرتنە ئەستۆی ئەو زەحمەتانەی لەم بارەوە دینە پیشەوە.

كوردستان خالی پیك گەیشتنی كۆمەلیك لەگرفت و رەوەندە كاریگەرەكانی نیو باوردۆخی ئیستای عیراق و ناوچەكەیە. لەلایەك بارودۆخی ناجیگیری عیراق و گیركردنی هیزەكانی ئەمریكا لەزەلكاوی شەر لەگەل ئیسلامی سیاسی وبالەكانی كە جەبهەكانی مەعلوم نییە، ئاسۆیەكی رۆشنی لەبەردەم دەربازبوونی ئەمریكا نەهیشتۆتەوە و كەس نازانی ئەمرۆ وسبەی لەگەل چ پیشهاتیكی سیاسی وعەسكەری نەخوازراو بەرەو رووی دەكاتەوە. بەتایبەتی شكستی پرۆژەی سازدانەوەی سوپاو پۆلیسی عیراقی كەبتوانی بارودۆخەكان كۆنترۆلبكا وهەلومەرجیكی ئارام لەبەردەم هیزەكانی ئەمریكادا پیكبهینی، هیندەی تر ئارەزووەكانی ئەمریكای لەبردەنەپیشەوەی "پرۆسەیەكی سیاسی" كەلەعیراقدا، رووی لەدامەزراندنی دەولەتیكی پایەدار و بالادەستە، خستۆتە بەردەم گۆمانیكی گەورەوە. گومانك كە بەدوای تیپەركردنی سیناریۆی دەستور و سەرهەلدانی تەوافقات و ریزبەستنی هیزە موخالیەفەكان بەئەمریكاو دووركەوتنەوەی بەشیك لە دۆستانی دوینیی فەزای پشیوی سیاسی، ئیحتمالی شكستی هەولەكانی ئەمریكای لەم زەمینەیەدا بەرجەستەكردۆتەوە. لەلایەكیتریشەوە جیگای مەسەلەی كورد وەك گرفتیكی سیاسی وبیچارە لەرۆژ هەلاتی ناوەراست و لەنیو سیاسەتی دەولەتانی وەك توركیاو ئیران و سوریا، كەهەریەكەیان جیگایەكی تایبەتییان لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاگرتووە، بەپیویست كوردستانی عیراق وەك جوگرافیایەكی زیندوو بۆدەخالەتی ئەمریكا لەناوچەكەدا رادەگری. ئەمە لەكاتیكدایە كە وجودی هیزی سەربازی ئەمریكا لەعیراق وبەتایبەتی لە ناوچەی هەرە ئامینەكەیدا كە كوردستانە دەتوانی پیگەیەكی لەباربیت بۆ تەحەروكی داهاتووی ئەمریكاو هیزەكانی بەرامبەر بە هەرگرفت وناكوكییەكی سیاسی وعەسكەری لەروو بەرووبونەوەیدا لەگەل ئیران و سوریا و گرتنە دەستی مانور لەراستای سیاسەتی"رژیم چەینج" ودووپاتكردنەوەی سیناریۆیی عیراق لەم ولاتانەدا. بەتایبەتی لەم رووەوە دوو مەسەلەی سەرەكی لەگۆردایە:

یەکەمیان ئەوەی کەئەمریکا نایەویت ئەمجارەش لەسەر هیلی پەوەندییەکانی خۆی لەگەل تورکیادا یاری بکا و هەلویستەکانی سەردەمی جەنگ کەتورکیا لەخۆی نیشاندا، بەرەو رووی خۆی بکاتەوە ودووەمیشیان ئەوەی کە بارزانی و حیزبەکەی و بزوتنەوەی کوردایەتی ئامانجی خۆیان بە مەرکەز و دەولەتی عیراقەوە گری داوە و لەناسیونالیزمی عەرەب زیاتر پیداگری یەکپارچەیی خاکی عیراق و دژایەتی کەری سەربەخۆیی وجیابوونەوەی کوردستانن. . هەموو ئەم فاکتۆر و واقعیەتانە بەسادەیی جیگاوریگای کوردستان بەشیوەیەکی دیفاکتۆ لەکردەوەدا دەکاتە پیگەیەکی ئیستراتیژی لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا، پیگەیەك کەئەرکی گیرانی هەمان نەخشی دەولەتی ئیسرائیل لە رووداوەکانی ئیستای عیراق و ناوچەکەدا بگیری.

تەجروبەیەك کەتائیستا ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی نیشانی ئەمریکایانداوە، جیگای دلنیایی سیاسی و عەسکەری تەواوە بۆهەرنەخشەیەك کەئەمریکا بیەویت لەناوچکەدا بیگریتەدەست. کوردستان لەباری سیاسییەوە، بەحوکمی وەهمی کوردایەتی وبالادەستی ناسیونالیزمی کورد و سیاسەتەکانی بەسەر خەلك و هیزەکانیتردا، حالەتیکی دەگمەن نەك هەرلەچاو ناوچەکانی تری عیراقدا، بەلکو سەرتاپاری رۆژهەلاتی ناوەراست، لەراستای تەئید وراوەستان لەپشتی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرهەم هیناوە. کوردستان بەتەواوی "ئەمریکاییبووە" ئەمەبەو مانایەی کەهیزەکانی نیوخۆ بەکورد وتورکمان وئاشوری ومەسیحی وموسولمانەوە، بەقەومی وشیوعی ئیسلامییەوە بەتەواوی لەپشتی ئەمریکا راوەستاون وئامانجەکانی خۆیان لەروانگەی ئەم دۆستایەتی و ئەم پەیوەندییەدا دەبیننەوە. لەباری عەسکەریشەوە کوردستان جگەلەوەی لەتەجروبەی 14سالی رابردوودا و لەسەردەمی بوونی بە"ناوچەی ئەمن" ەوە خزمەتگوزاریەکی گەورەی لوجستیکی پیشکەش بەهیزەکانی ئەمریکا کردووە، هاوکات بۆتە ناوچەیەکی "ئارامی حەوانەوە" وپشتی جەبهەی هیزەکانی ئەمریکا. ئەمە ویرای ئەوەی کە هیزی میلیشیای پارتی ویەکیتی، یانی پیشمەرگە، بەکردەوە بۆتە هیزی سپیر و تەواوکەری سەربازی ئەمریکاو بەتەواوی لەژیر بریاری ئەفسەررانی ئەمریکایی کەوتونەتە خزمەتەوە. بەشداری چەکدارەکانی یەکیتی وپارتی لەریزی پیشەوەی بەرەی شەر لەدژی رژیمی بەعس و ئەو ئۆپەراسیونانانەی کەلە شارەکانی وەك فەلەوجەو کەربەلاو نەجەف و رومادی وبەعقوبەدا نیشانیاندرا، هاوکات ئەوەی کەکوردستان تائیستا کەمترین ژمارەی کوژرانی سەربازانی ئەمریکای بەخۆیەوە بینیووە، هەموو ئەمانە بەپیویست کوردستان وەك ناوچەیەکی دامەزراو لەبەردەم هیزە سەربازییەکانی ئەمریکا دادەنی، ئەمەجگەلەوەی کەباری جوگرافی کوردستان بەنرخیکی کەم ئەم ئیمکاناتە و ئەم نمونەیە بۆشەر و دەخالەتی سەربازی لە ئیران و سوریا دەکاتە ناوچەیەکی جەزاب وجیگای سەرنج بۆئەمریکا وهیزەکانی. . بەلام فاکتۆریکی تر بۆ ئەم واقعیەتانە زیاد دەبی، ئەویش دەوری کاندیداتۆری بارزانی و حیزبەکەیەتی لەنیو پەوەندیەکان و کار دیبلۆماسی ئەمریکادا.

بارزانی و پارتی دۆستایەتی دیرینەیان لەگەل ئەمریکادا هەیە. ئەمەش ئەو وەك کاندیدای سەرەکی بۆبەدەستەوە گرتنی ئەم پرۆژەیە دەخاتەروو. بیگومان راوەستان لەسەر پەوەندییە نیو دەولەتییەکان و دانانی سیاسەت لەسەربناغەی درزو کەلینی نیوان دەولەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و لیرەشەوە سیاسەتی خۆگریدانەوە بەدەولەتانەوە، بەناوی "دوستانی کورد"ەوە، هەمیشە بناغەی لیوە هەستانی هەر سیاسەتیکی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بووە، لەمیژوودا. بەلام لەم ئیستراتیژی ئیستای ئەمریکادا، مەسعودبارزانی وپارتی جیگایەکی تایبەتیان هەیە لەچاو هەرکەسایەتی وهیزیکیتری ناسیونالیستدڕ

لەکوردستانی عیراق. بەتایبەتی کەنەمەسعود بارزانی تالەبانییە ونەپارتیش یەکیتییە. تالەبانی کەلەرابردوودا خۆی وحیزبەکەی بەتیوەری دژایەتی کردنی "ئیمپریالیزمی ئەمریکا" و"سیاسەتی پشتبەستن بەخۆ" لەپارتی خۆی جیاکردەوە و دواتریش لەشەری ناوخۆدا بووە هاوپەیمانی ئیستراتیژی جمهوری ئیسلامی ئیران، ناتوانی کاندیدایەکی دلنیا پیشنیاربکا بۆئەمریکا. لەکاتیکدا بەرزانی وبنەمالەکەی بەدریژایی زیاتر لەچارەکە سەدەیەك لەسەر هیلی دۆستایەتی کردن و راوەستان لەسەر بناغەی سیاسەتەکانی ئەمریکا، خۆی وحیزبەکەشی دەکاتە تەنها کاندیدای ئامادە ویەك دەست. . .

بەدلنیاییەوە هەموو ئەوراستییانەی سەرەوە ئەو حالەتە لەسەردانەکەی تالەبانی بۆ ئەمریکا، لەوفۆرمە رەسمییەیدا، دەخاتەروو کەبۆش وبارزانی خەریکی سازدانی زەمینە مادی وسیاسییەکانی بردنی کوردستانن بەرەو دامەزراندنی پیگەو کۆلونەیەکی سیاسی وعەسکەری بۆئەمریکا لەناوچەکەدا. لەم نیوەدا ئەوەی ئاشکرا و بەرجەستەیە دیداری بارزانییە لەگەل کۆمپانیا بازرگانی وئابوورییەکانی ئەمریکا و کۆبوونەوەیەتی لەگەل سەنتەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا وئەکادیمیا وکارشوناسانی ئیستراتیژی لەرۆژنامەی واشنتن پۆست و دیسانەوە وەرگرتنی خەلاتە لەزانکۆی واشتن، ئەمانەش بەدوای دیدارەکان لەگەل رامسفیلد و سەرانی تری سیاسی وعەسکەری ئەمریکایی کەلەعیراقدا دەوریان هەیە دیتە پیشەوە کەراستەوخۆ روویان لەلانسە کردنی بارزانی وەك کاندیدای ئەم پرۆژەیە و زەمینەسازکردنی پیداویستییەکانی دامەزراندنی ئەم پیگە ئیستراتیژییەی ئەمریکایە. دیارە بۆئەمەش چەتریکی قانونی و نیوەدەولەتی ئامادەیە. ئەویش مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی عیراق و دووبارە سازدانەوەی دام و دەزگاکانی دەولەتە کەلەسایەیدا ئەتوانی لەسەر حسابی داهات و سەرمایەیەك کەلەنەوتی عیراقەوە بەدەست دیت کۆمەك بکات بە سەرەو ژیرکردنەوەی سەرمایەو کۆمپانیاکان وناوەندەکانی موخابەرات و لوجستی عەسکەری وپیرسونەلە پیویستەکانیتر، بۆکوردستان کەسەرەنجام خزمەتبکات بەدامەزراندنی بەکردەوەی پیگەیەکی لەمجۆرە کەلەدەستوری ئەمریکادایە. ئەمەیە ئەو ئەمانج و پرۆژەیەی کەدەکری لەسەردانەکەی بارزانی بۆئەمریکا بەرۆشنی بخویندریتەوە.

بەلام دیارە ئامانج وپرۆژەیەکی ئاوا بەقیمەتی راکیشانی خەلکی کوردستان بۆنیو سیاسەتیکی ئالۆزتر وخویناویتر تەواودەبی. بەتایبەتی هەروەك خەلکی کوردستان لەرابردوودا بینیان کەچۆن لەئەنجامی سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە کرانە پاشکۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ژیان وداهاتوویان برایە نیو ئۆردوگایەکی بەکۆمەلی ئاوارەیی ووە وبۆماوەی 14 سال لەسەرگەردانی وبرسیتی و نادیاری چارەنوسدا بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاوە راگیران و سەخترین رۆژگاریان کرایە نەسیب، ئەمجارەش ئەوە ماف و ئازادییەکانی ئەوان ودامەزراندنی دەولەت وکۆمەلگایەکی سەربەخۆو مەدەنی وسکولارە دەچیتەژیرپیوە. خەلکی کوردستان دەبی لەناوەرۆکی پوچی ئەم هەولانەی ناسونالیزمی کورد و پرۆژەکانی ئەمریکا بەئاگا بهینرینەوە و ریزی خۆیانی لیجیابکەنەوە. ئەمە تەنها ریگای پەیبردنە بەقازانج وداهاتووی دلخوازی خەلکی کوردستان.

2005/10/30